**بەش: سیستەمە سیاسییەکان و سیاسەتی گشتی**

**کۆلێژ: زانستە سیاسییەکان**

**زانکۆ: سەلاحەدین- هەولێر**

**بابەت: سیاسەت و نموونەکانی ئاسایشی نەتەوەیی**

**پەرتووکی کۆرس: قۆناغی سێیەم-سمیستەری دووەم**

**ناوی مامۆستا: د. پەرویز رەحیم قادر**

**ساڵی خوێندن: ٢٠٢٢-٢٠٢٣**

# پەرتووکی کۆرس

# Course Book

| | |
|---|---|
| **سیاسەت و نموونەکانی ئاسایشی نەتەوەیی** | ١. ناوی کۆرس: |
| د. پەرویز رەحیم قادر | **٢. ناوی مامۆستای بەر پرس:** |
| سیستەمە سیاسییەکان و سیاسەتی گشتی/ کۆلێژی زانستە سیاسییەکان | **٣. بەش/ کۆلێژ:** |
| ئیمێل: **parwez.qader@su.edu.krd** | **٤. پەیوەندی:** |
| دوو (٢) کاژێر "سەعات" لە هەفتەیەکدا، بۆ هەر گروپێك. | **٥. یەکەی خوێندن (بە سەعات) لە هەفتەیەک:** |
| دوو (٢) کاژێر"سەعات" لە هەفتەیەکدا، بۆ هەر گروپێك. | **٦. ژمارەی کارکردن:** |
| PSPS2302 | **٧. کۆدی کۆرس:** |
| بەکالۆریۆس لە (زانستە سیاسییەکان) بە پلەی نایاب–کۆلێژی یاسا و زانستە سیاسییەکان-زانکۆی سەلاحەدین/ هەولێر.<br>ماستەر لە (زانستە سیاسییەکان) بە پلەی نایاب (سیاسەتی دەرەوە و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان) کۆلێژی یاسا و زانستە سیاسییەکان-زانکۆی سەلاحەدین /هەولێر.<br>دکتۆرای فەلسەفە لە "زانستە سیاسییەکان" (ئاسایشی نەتەوەیی)، بە پلەی نایاب لە کۆلێژی زانستە سیاسییەکان-زانکۆی سەلاحەدین/ هەولێر.<br>پسپۆری گشتی :تیۆرییە سیاسییەکان.<br>پسپۆری ورد :ئاسایشی نەتەوەیی و ناسنامە.<br>پلەی وەزیفی و شوێنی کاری ئێستا: مامۆستا لە بەشی سیستمە سیاسییەکان و سیاسەتی گشتی/ کۆلێژی زانستە سیاسییەکان-زانکۆی | **٨. پرۆفایەلی مامۆستا:** |

| | |
|---|---|
| سەلاحەددین-هەولێر.<br>بەشێك لە کتێب و توێژینەوە زانستییە بڵاوکراوەکان:<br>أ- کتێب<br>١-کاریگەرییەکانی تورکیا لەسەر هەرێمی کوردستان-عێراق(نووسینی هاوبەش) -عێراق، هەولێر: دەزگای موکریانی، چاپی یەکەم، ٢٠١١ و چاپی دووەم ٢٠١٢.<br>٢- سیاسەتی دەرەوەی کۆماری ئیسلامی ئێران، هەولێر: دەزگای موکریانی، ٢٠١٤.<br>٣- دەوڵەت و نەتەوە(نووسینی هاوبەش)، هەولێر: خانەی هزری کوردستان، ٢٠١٧.<br>٤- نشتیمانسازی(نووسینی هاوبەش)، هەولێر: چاپخانەی رۆژهەڵات، ٢٠١٨.<br>٥- سیاسەتی دەرەکی و ناسنامە، هەولێر :خانەی موکریانی بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، ٢٠٢٠.<br>٦- ئاسایشی نەتەوەیی و ناسنامە، هەولێر: خانەی موکریانی بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، ٢٠٢٠.<br><br>ب- توێژینەوەی زانستی<br>١-کاریگەرییەکانی بەجیهانیبوون لەسەر ناسنامەی نەتەوەیی، گۆڤاری یاسا و رامیاری، ژمارە:١٧، هەولێر، زانکۆی سەلاحەدین: ٢٠١٥.<br>٢- دیاردەی ناسەقامگیری سیاسی و کاریگەری لەسەر وەرچەرخانی سیستەمی سیاسی ئێران، گۆڤاری یاسا و رامیاری، هەولێر، زانکۆی سەلاحەدین، کۆلێژی یاسا و زانستەسیاسییەکان:٢٠١٦.<br>٣- ستراتیژی سیاسەتی دەرەوەی کۆماری ئیسلامی ئێران، گۆڤاری یاسا و رامیاری، هەولێر، زانکۆی سەلاحەدین، کۆلێژی یاسا و زانستە سیاسییەکان:٢٠١٧.<br>٤- ستراتیژی ئاسایشی نەتەوەیی کۆماری ئیسلامی ئێران لە ناوچەی | |

| | |
|---|---|
| کەنداو، گۆڤاری یاسا و رامیاری، هەولێر، زانکۆی سەلاحەدین، کۆلێژی یاسا و زانستە سیاسییەکان، ٢٠١٨.<br>٥- ئاسایشی نەتەوەیی لە روانگەی تیۆریی کۆنستراکتیڤیزم، گۆڤاری یاسا و ڕامیاری، هەولێر، زانکۆی سەلاحەدین، کۆلێژی یاسا، ٢٠١٩.<br>٦- کاریگەری ئاسایش لەسەر گەشەسەندن: هەرێمی کوردستان وەك نموونە(٢٠١٤-٢٠١٩)، گۆڤاری یاسا و ڕامیاری، هەولێر، زانکۆی سەلاحەدین، کۆلێژی یاسا، ٢٠٢٠.<br>٧- رەخنەکانی فمێنیزم لە بنەماکانی پەیوەندییە نیودەولەتییەکان: فمێنیزمی پۆست-مۆدێرن وەك نمونە، گۆڤاری یاسا و ڕامیاری، هەولێر، زانکۆی سەلاحەدین، کۆلێژی یاسا، ٢٠٢٠.<br>٨- شیکردنەوەی پرسەکانی ئاسایشی کۆمەڵگەیی و ژینگەیی هەرێمی کوردستان-عێراق لە روانگەی قوتابخانەی کۆپنهاگن لە دوای ٢٠١٧، هەولێر: گۆڤاری قەڵای زانست، زانکۆی لوبنانی-فەرەنسی، ٢٠٢١ .<br>٩- پرسەکانی ئاسایشی سەربازی و سیاسی هەرێمی کوردستان-عێراق لە روانگەی باری بۆزان لە دوای ٢٠١٧، هەولێر: گۆڤاری قەڵای زانست، زانکۆی لوبنانی-فەرەنسی، ٢٠٢٢.<br>١٠- ئاسایشی ئابووری لە روانگەی قوتابخانەی کۆپنهاگن: ئاسایشی ئابووری هەرێمی کوردستان-عێراق وەک نموونە، هەولێر: گۆڤاری قەڵای زانست، زانکۆی لوبنانی-فەرەنسی، ٢٠٢٢.<br><br>بوارەکانی توێژینەوە و جێگەی گرنگی:<br>ئاسایشی نەتەوەیی و ئاسایشی نێودەوڵەتی، هزرە سیاسییەکانی رۆژئاوا، بەجیهانیبوون، پرسەکانی ناسنامە، دەوڵەت-نەتەوەسازی، سیستەمی سیاسی و سیاسەتی دەرەوەی کۆماری ئیسلامی ئێران، تیۆریەکانی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان و سیاسەتی دەرەوە. | |

١٠. ناوەڕۆکی گشتی کۆرس:
گرنگی ئەم وانەیە لەم خاڵانەی لای خوارەوەیە:
١- ئەم وانەیە هەوڵدەدات تیشك بخاتە سەر بابەتی سیاسەت و نموونەکانی ئاسایشی نەتەوەیی، هەروەها تێگەیشتنێکی سەردەمیانە سەبارەت چەمکی ئاسایشی نەتەوەیی و ئەو سیاسەتەکانی ئاسایشی نەتەوەیی لە دەوڵەتان و بەم پێیەش گرنگی و هۆکاری بایەخپێدانی لە لایەن بەشی زانستە سیاسییەکانەوە.
٢- هۆکارێکە بۆ ئاشناکردنی قوتابیان بە بابەتی سیاسەت و نموونەکانی ئاسایشی نەتەوەیی کە پێویستە قوتابی بەشی زانستە سیاسیەکان شارەزای وردی هەبێت لەسەریان، هەروەها ئاماژە کردن بەو هۆکارانەی (ناوخۆی و دەرەکی) کە رۆڵیان بینیوە و دەبینن لەسەر دارشتنی نموونەیەکی تایبەت یان گشتی لە سیاسەت و ستراتیژیی ئاسایشی نەتەوەیی .
٣- بابەتی سیاسەت و نموونەکانی ئاسایشی نەتەوەیی گرنگی دەدات بە کاریگەری فاکتەر دەرەکی و ناوخۆییەکان و سیستەم و سیاسەتی نێودەوڵەتی لەسەر مۆدێل و سیاسەتی ئاسایشی نەتەوەیی و پاشان کاریگەریی لەسەر سیاسەتی دەرەکی و پەیوەندییە نێونەتەوەییەکان. هەروەها هەوڵدەدرێت کە بەپێی تیۆرییەکان خوێندنەوەی بۆ سیاسەتی ئاسایشی نەتەوەیی بکرێت.

١١. ئامانجەکانی کۆرس:

١-قوتابی بتوانێت بەپێی قوتابخانە و تیۆرییەکانی ئاسایشی نەتەوەیی خوێندنەوە بۆ بوار و ڕەهەندەکانی سیاسەتی ئاسایشی وڵاتان و دەستنیشانی هەڕەشە و مەترسییەکانی بکات.
٢- قوتابی بتوانێت هەڕەشە و مەترسییەکانی سەر ئاسایشی نەتەوەیی دەوڵەتان بەپێی سیستەمی سیاسی و ناسنامەی ئەو دەوڵەت-نەتەوانە دەستنیشان بکات.
٣- قوتابی ئاشنا دەکرێت بە بوار و ڕەهەندەکانی ئاسایشی نەتەوەیی هەرێمی کوردستان و کاریگەریی فاکتەرە ناوخۆییەکان و ئەکتەرە دەرەکییەکان.
٤- قوتابی بتوانێت لە چوارچێوەی ئاسایشی نەتەوەیی وڵاتان خوێندەنەوە بۆ سیاسەتی دەرەکیی ئێران و تورکیا و ئەمریکا و...هتد بکات.

**١٢. ئەرکەکانی قوتابی:**

قوتابیان پێویستە لە هەموو وانەکان بەشدار بن و لەهەر هەفتەیەك دا بتوانن لەسەر وانەی رابردوو ویاخود وانەکانی پێشووتر گفتوگۆ بکەن، هەروەها ئامادەبن بە شێوەی هەڵسەنگاندنی خێرا تاقیبکرێنەوە. لەسەر قوتابیان پێویستە لە کۆرسەکە دا سمینار و راپۆرت پێشکەش بکەن لەسەر پرس و بابەتە پەیوەندیدارەکان بە وانەکە. واباشترە کە قوتابیان بێجگە لە سەرچاوە سەرەکی و پەیوەندیدارەکان بۆ وەرگرتنی زانیاری زیاتر سوود لە سەرچاوەکانی تر کە خراونەتەروو و پێشکەشکراو وەربگرن.

**١٣. رێگەی وانە ووتنەوە:**

لەم ساڵەدا مامۆستای وانەکە ناوەرۆکی بابەتی وانەکە لە شێوەی وانە یاخود "محازەرات" بە پێی ئەو خشتەیەی کە دەیخەینە روو بۆ قوتابیان پێشکەش دەکات بە سوود وەرگرتن لە" وایت بۆرد" و "داتاشۆ"، لەگەڵ بەشداری پێکردنی قوتابیان لە رێگەی پرسیار و وڵام و رەخساندنی بوار بۆ گفتوگۆ و راڤەی بابەت و پرسەکان.

**١٤. سیستەمی هەڵسەنگاندن:**

بەم جۆرەی خوارەوە هەڵسەنگاندن بۆ قوتابیان و خوێندکاران دەکرێت:

١. لە ڕێگای تاقیکردنەوەی کۆتایی سمیستەر.

٢. لە ڕێگای تاقیکردنەوە و هەڵسەنگاندنی خێرا (quiz) .

٣. لە ڕێگای گفتوگۆی ناو پۆل.

٤. لە ڕێگای ڕاپۆرت و وتار نووسین.

٥. لە ڕێگای ڕێژەی ئامادەبوون و نەبوونی لە پۆلدا.

٦. لە ڕێگای گفتوگۆکردن لە سەر تازەترین ڕووداو و بابەتە ناوخۆیی و نێودەوڵەتییەکان و دەرخستنی ڕۆڵی تێگەیشتن لە تیۆرییەکانی ئاسایشی نەتەوەیی بۆ شرۆڤەکردنی ڕووداوەکان و چۆنییەتی چارەسەرکردنی کێشە ناوخۆیی و ڕووبەڕووبوونەوەی هەڕەشە و مەترسییە دەرەکییەکان.

هەرجۆرە هەڵسەنگاندنێك نمرەی تایبەتی خۆی لەسەرە، بۆ نموونە تاقیکرنەوەی کۆتایی سمیستەر ٦٠ نمرە و تاقیکردنەوەوی *میدتێرم* ٣٠ نمرە، نمرەی کۆششی مامۆستا ١٠ نمرەیە، کە لە کویزەکان ٢ نمرە، گفتوگۆ و چالاکی ناو پۆل ٣ نمرە و .... هتد پێکدێت.

**١٥. دەرئەنجامەکانی فێربوون:**

ئامانجی ڕوونی ئەم بابەتە بریتییە لە یارمەتیدان و هاوکاریکردنی قوتابیان و خوێندکارانی قۆناغی سێیەمی بەشی زانستە سیاسییەکان بۆ ئەوەی تێڕوانین، بیروبۆچون و ڕۆشنبیریەکی زانستیان هەبێت سەبارەت بە سیاسەت و نموونەکانی ئاسایشی نەتەوەیی.

لە ئەنجامی ئەم سمیستەرەدا قوتابی دەتوانێت بەپێی سیستەمی سیاسی و ناسنامەی نەتەوەیی دەوڵەتێکی تایبەت بگاتە ئەو ئاستە کە دەستنیشانی سیاسەتی ئاسایشی دەوڵەتەکە بکات. هەروەها سیاسەتی دەرەکی ئەکتەرەکان بەپێی جۆری هەڕەشە و مەترسییەکان لە چوارچێوەی ستراتیژیی ئاسایشی نەتەوەیی وڵاتاندا پۆلین بکات.

جگە لەمانەش، قوتابی لە کۆتایی کۆرسەکەدا دەتوانێت ڕەهەند و بوارەکانی ئاسایشی نەتەوەیی و هەروەها هەڕەشە و مەترسییەکانی سەر ئاسایشی نیشتمانیی هەرێمی کوردستان دەستنیشان بکات. هەروەها لە ڕێگەی ئەم وانە و بابەتاکانییەوە قوتابی و خوێندکارێکی هۆشیار و ڕۆشنبیر پێدەگەینین بۆ ناو کایەی توێژینەوە، ڕاگەیاندن و تەنانەت دامەزراوە فەرمییەکانی حکومەت.

دیارترین ئەو خاڵانەی کە دەبێت خوێندکار فێریان ببێت لە کۆتای ئەم کۆرسەدا:

١. تیۆری کۆنستراکتیڤیزم و سیاسەتی ناسنامە تەوەر

٢. کارلێکی فاکتەرە ناوخۆیی و دەرەکییەکان لەسەر دارشتنی سیاسەتی ئاسایشی نەتەوەیی

٣. سێکتەر و بوار و ڕەهەندەکانی ئاسایشی نەتەوەیی لەروانگەی قوتابخانەی کۆپنهاگن
٤. بە-ئاسایشکردن و نا-ئاسایشیکردنی پرس و بابەتێک
٥. تیۆری کۆمەڵەی ئاسایشی هەرێمایەتی
٦. پرس و بوارەکانی ئاسایشی نەتەوەیی هەرێمی کوردستان
٧. ستراتیژیی ئاسایشی نەتەوەیی ئێران و تورکیا و سوریا
٨. ستراتیژیی ئاسایشی نەتەوەیی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە رۆژهەڵاتی ناوەراست
٩. ئەکتەرەکانی کاریگەر لەسەر ئاسایسی نەتەوەیی هەرێمی کوردستان

١٦. لیستی سەرچاوە:

سەرچاوە بنەڕەتییەکان:


١- پەرویز ڕەحیم قادر، ئاسایشی نەتەوەیی و ناسنامە، هەولێر: خانەی موکریانی بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، ٢٠٢٠.

٣- کامەران محمد عزیز، ئاسایشی نەتەوەیی هەرێمی کوردستان لە سەردەمی نادڵنیایی دا، هەولێر: چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین، سەنتەری توێژینەوەی سیاسی و ستراتیژی، ٢٠١٥.

٤- نەجات عەلی سالح، ئاسایشی نەتەوەیی ئەمریکا لە رۆژهەڵاتی ناوەراست، هەولێر: خانەی موکریانی بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، ٢٠٢١.

٥- پەرویز ڕەحیم قادر، سیاسەتی دەرەکی و ناسنامە، هەولێر: خانەی موکریانی بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، ٢٠٢٠.

٤- نەجات عەلی سالح، دیموکراسی و ئاسایشی نەتەوەیی، هەولێر: خانەی موکریانی بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، ٢٠٢١.

٥- صبری ئاکری، نجدت، الإطار القانوني للأمن القومي، أربيل: مطبعة زانكو، ٢٠٠٩.

٦- على عباس مراد(٢٠١٧)، الأمن القومي مقاربات نظرية، الجزائر؛ ابن النديم للنشر و للتوزيـع.

1- Wendt, Alexander (2001); Social Theory of International politics, Cambridge: University Press.

2- Kolodziej, A. (2005) Security and International Relations. Cambridge: Cambridge University Press.

3- McSweeny, B. (1999) Security, Identity and Interests: A Sociology of International Relations. Cambridge: Cambridge University Press.

4- Barry Buzan, People, States and Fear: An Agenda for International Security Studies in the Post-Cold War Era, ECPR Press; 2nd edition (March 1, 2007).

5- Buzan, Barry & Ole Waever (2003) Regions and Powers: The Structure of International Security. Cambridge: Cambridge University Press.

6- Buzan, Barry, Ole Wæver, Jaap de Wilde (1998); Security: A New Framework for Analysis, London, Lynne Rienner Publishers.

7- Ole, Waver (1995); "Securitization and Desecuritization", in Ronnie D. Lipschutz (ed), On Security, New York: Columbia University Press.

8- Onuf, G. Nicholas (1989); a World of Our Making: Rules and Rule in Social Theory and International Relations. Columbia: University of South Carolina.

9- Katzenstein, Peter J. (2002); "Introduction: Alternative Perspectives on National Security", in Peter J. Katzenstein (ed). The Culture of National Security: Norms and Identity in World Politics, New York: Columbia University Press, 2002.

10- Jones, R. (1999) Security, Strategy and Critical Theory. Boulder, CO: Lynne Rienner.

11- Katzenstein, J. (ed.) (1996) The Culture of National Security: Norms and Identity in World Politics. New York: Columbia University Press.

12- Baldwin, A. (1995) 'Security studies and the end of the cold war', World Politics, 48(1), 117-141.

13- Baldwin, D. (1997) 'The Concept of Security', Review of International Studies, 23(1), 5-26.

14- Basu, S. and Nunes, J. (2013) Security as Emancipation, in: Shepherd L. (ed.), Critical Approaches to Security: An Introduction to Theories and Methods. London: Routledge, pp. 63-77.

| 15- | |
|---|---|
| ناوی مامۆستای وانەبێژ | ١٧. بابەتەکان: |
| د. پەرویز رەحیم قادر<br>٢ کاتژمێر<br>٢٠٢٣-١-٠٤ | **وانەی یەکەم: خستنەروو و ناساندنی وانەی سیاسەت و نموونەکانی ئاسایشی نەتەوەیی**<br>ئاشناکردنی قوتابیان بە ناوەرۆکی وانە و ئامانجی کۆرس<br>پێدانی سەرچاوەکان بە قوتابیان |
| د. پەرویز رەحیم قادر<br>٢ کاتژمێر<br>٢٠٢٣-١-١١ | **وانەی دووەم: کۆنستراکتیڤیزم (Constructivism) و سیاسەتی ئاسایشی**<br>١- بنیاتنەرایەتی و دروستکراویەتی ناسنامە<br>٢- پەیوەندی نێوان بکەر و پێکهاتە لە ئاسایشی نەتەوەیی دا<br>٣- بەها، نۆرم و بەرژەوەندی و پرسی ئاسایش<br>٤- ناسنامە و پرسی ئاسایش |
| د. پەرویز رەحیم قادر<br>٢ کاتژمێر<br>٢٠٢٣-١-١٨ | **وانەی سێیەم: قوتابخانەی کۆپنهاگن(Copenhagen School) و سیاسەتی ئاسایشی**<br>١- سێکتەر و بوارەکانی ئاسایشی نەتەوەیی(ئاسایشی ئابووری و ئاسایشی سیاسی و ئاسایشی کۆمەڵگەیی و ئاسایشی سەربازی و ژینگەیی)<br>٢- بە-ئاسایشکردن و نا-ئاسایشکردن<br>٣- تیۆریی کۆمەڵەی ئاسایشی هەرێمایەتی |
| د. پەرویز رەحیم قادر<br>٢ کاتژمێر | **وانەی چوارەم: پێکهاتە و بنەماکانی ئاسایشی هەرێمی کوردستان: ئاسایشی سەربازی** |

| | |
|---|---|
| | ٢٠٢٣-١-٢٥ |
| **وانەی پێنچەم: پێکهاتە و بنەماکانی ئاسایشی هەرێمی کوردستان: ئاسایشی سیاسی** | د. پەرویز رەحیم قادر<br>٢ کاتژمێر<br>٢٠٢٣-٢-٠١ |
| **وانەی شەشەم: پێکهاتە و بنەماکانی ئاسایشی هەرێمی کوردستان: ئاسایشی کۆمەڵگەیی** | د. پەرویز رەحیم قادر<br>٢ کاتژمێر<br>٢٠٢٣-٢-٠٨ |
| **وانەی حەوتەم: پێکهاتە و بنەماکانی ئاسایشی هەرێمی کوردستان: ئاسایشی ئابووری** | د. پەرویز رەحیم قادر<br>٢ کاتژمێر<br>٢٠٢٣-٢-١٥ |
| **وانەی هەشتەم: پێکهاتە و بنەماکانی ئاسایشی هەرێمی کوردستان: ئاسایشی ژینگەیی** | د. پەرویز رەحیم قادر<br>٢ کاتژمێر<br>٢٠٢٣-٢-٢٢ |
| **وانەی نۆیەم: کەلتووری ستراتیژیی عێراق و ئاسایشی هەرێمی کوردستان** | د. پەرویز رەحیم قادر<br>٢ کاتژمێر<br>٢٠٢٣-٣-٠١ |
| **وانەی دەیەم: ئاسایشی هەرێمی کوردستان و فاکتەری وزە: کاریگەریی وزە لە پەیوەندییەکانی تورکیا و هەرێمی کوردستاندا (١٩٩١-٢٠٢١) وەک نموونە** | د. پەرویز رەحیم قادر<br>٢ کاتژمێر<br>٢٠٢٣-٣-٠٨ |
| **وانەی یازدەیەم: فاکتەرە ئاسایشییەکانی پەیوەندی نێوان کۆماری ئیسلامی ئێران و هەرێمی کوردستان-عێراق** | د. پەرویز رەحیم قادر<br>٢ کاتژمێر |

| | |
|---|---|
| ٢٠٢٣-٣-١٥<br>د. پەرویز ڕەحیم قادر<br>٢ کاتژمێر<br>٢٠٢٣-٣-٢٩<br><br>د. پەرویز ڕەحیم قادر<br>٢ کاتژمێر<br>٢٠٢٣-٤-٠٥<br>د. پەرویز ڕەحیم قادر<br>٢ کاتژمێر<br>٢٠٢٣-٤-١٢<br>د. پەرویز ڕەحیم قادر<br>٢ کاتژمێر<br>٢٠٢٣-٤-١٩ | **وانەی دوازدەیەم: ستراتیژی ڕووسیا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئاسایشی هەرێمی کوردستان**<br><br>**وانەی سێزدەیەم: یەکێتی ئەوروپا و ئاسایشی هەرێمی کوردستان: فەرەنسا وەک نموونە**<br><br>**وانەی چواردەیەم: ستراتیژی ئاسایشی نەتەوەی ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەراست و ئاسایشی هەرێمی کوردستان**<br><br>**وانەی پازدەیەم: سیاسەتی ئاسایشی چین: فاکتەری کوردی لە پەیوەندییەکانی عێراق-چیندا** |

**١٨. بابەتی پراکتیک:**

بابەتە پراکتیکیەکانی کۆرسەکەمان خۆی لە گفگتوگۆ و سیمیناری قوتابی/خوێندکاران دەبینێتەوە.

**١٩. تاقیکردنەوەکان:** "نموونەی پرسیارەکان"

**پرسیار: پەیوەندی ناسنامە و ئاسایشی نەتەوەیی روون بکەوە؟**

**پرسیار: سێکتەرەکانی ئاسایشی نەتەوەیی لە روانگەی قوتانخانەی کۆپنهاگن بخەروو؟**

**پرسیار: پێکهاتە و بنەماکانی سیاسەتی ئاسایشی کۆماری ئیسلامی ئێران باس بکە؟**

**پرسیار: لە روانگەی قوتابخانەی کۆپنهاگن ەوە شرۆڤە و هەڵسەنگاندنێک بۆ پرسە ئاسایشییەکانی هەرێمی کوردستان بکە؟**

| |
|---|
| **پرسیار: ستراتیژی ئاسایشی ئەمریکا لە رۆژهەڵاتی ناوەراست چییە و پاشان کاریگەری لەسەر هەرێمی کوردستان روون بکەوە؟** |
| ٢١. پێداچوونەوەی هاوەڵ: |